# تەلاری یەعقوبیان

**ئا: کاکۆ**

(تەلاری یەعقوبیان) چ ئەوکاتەی وەك ڕۆمانێك کەوتە بەر دیدەی خوێنەران وچ ئەو کاتەشی کە وەك فیلمێکی سینەمایی بەرهەمهێنرا، هەڵایەکی گەورەی نایەوە .

کاتێك ( د.علا ° الاسواني) ڕۆمانی (تەلاری یەعقوبیان) ی خستە بازارەوە، تەنانەت بۆ خۆشی تووشی سەرسورمان بوو کە سەد هەزار دانەی لێفرۆشرا ، جگە لەوەی کە بۆ پێنج زمان وەرگێڕدرا، ڕەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی پڕ فرۆشی ئەم ڕۆمانە زۆری ژمارەی ئەو وتارە ڕەخنەییانە بوبێت کە لەسەر ئەم کتێبە نوسرا، بەجۆرێك کە سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم ڕۆماننووسە لە ڕێگەی ئەو تەلارە کۆنەوە کەناوی (تەلاری یەعقوبیان) ە و کە دەکەوێتە ناوەندی قاهیرەی کۆنەوە و لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا هەمووان بیریان چوبووەوە، ئەو توانی جارێکی تر ئەم تەلارە بکاتە ئەو مشتەی کە نموونەی خەرواری هەموو کۆمەڵگای میسرییە .



دواتریش کاتێك دەرهێنەری بەئەزمون (وحید حامید) توانی مافی بەسیناریۆ کردنی ئەم کارە ئەدەبییە لەخاوەنەکەی بکرێت، لە ڕێگەی هونەرمەندی لاو ( مروان حامید) ی کوڕییەوە کەئەرکی دەرهێنانی فیلمەکەی گرتبووە ئەستۆ، توانی شاکارێکی سینەمایی ببەخشێتە کۆمەڵێك فیستیڤاڵی سینەمایی جیهانی گرنگ، لەوانەش فیستیڤاڵی (بەرلین) کە لەبەشی (پانۆراما) دا نمایشکرا، لەم بەشەدا تەنها بۆئەمساڵی ڕابردوو، لەنێوان ١٠٠٠ فیلم دا کە لە ١٢٨ وڵاتی جیاوازەوە هێنرابوون ، بەڕێوەبەرانی ئەم فیستیڤاڵە تەنها بیست فیلمیان دەستنیشان کرد بۆ نمایشکردنی لەبەشی (پانۆراما) دا، هەر لەم فیستیڤاڵەدا ولە ڕاپۆرتی کۆتاییدا دەرهەق بەم فیلمە نوسرا ( یەکێکە لەباشترین فیلمەکانی جیهانی سێهەم لەساڵی ٢٠٠٥ دا) .

(مروان حامد) ی دەرهێنەری فیلمەکە توانی لەم فیلمەدا کۆمەڵێکی زۆر لە ئەستێرە ناسراوەکانی سینەمای عەرەبی کۆبکاتەوە، وەکو (عادل امام، نور الشريف، هند صبرى ، خالد الصاوى، اسعاد يونس ، احمد بدير، خالد الصالح، سميه الخشاب و يسرا و چەندینی تر) جگە لە بەشداری هەزارەها کۆمبارس.

جێگەی ئاماژەیە کە کار بە ڕۆڵی سەرەکی ولاوەکی لەم






فیلمەدا نەکراوە، بۆ نمونە هونەرمەندێکی ناسراوی وەك (عادل امام) ڕۆڵی تەنها لە بیست وسێ گرتەدا هەیە، واتە نزیکەی ٣٠٪ ی فیلمەکە، هەروەها ئەکتەری ناسراو (یسرا) کەتەنها لە ١٢ گرتەدا بەشدارەو ئەوانی تریش بەهەمان شێوە .

سێ مانگ دوای فیستیڤاڵی (بەرلین) ئەم فیلمە بەشداری لە فیستیڤاڵی (کان) ی سینەماییدا کرد و توانی سەرنجی ڕەخنەگران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، دواتر لە فیستیڤاڵی (تریبکا) کە فیستیڤاڵێکە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بەڕێوە دەچێت و لەکاتی خۆیدا لەلایەن ئەکتەری ناسراوی جیهانی (ڕۆبیرت دینیرۆ) وە دامەزرا، لەم فیستیڤاڵەدا خەڵاتی باشترین فیلمی پێبەخشرا .

فیلمی ( تەلاری یەعقوبیان) کە بۆ بەرهەمهێنانی نزیکەی ٤ ملیۆن دۆلاری تێچووە هەر لەیەکەم هەفتەکانی نمایشکردنیەوە ژمارەیەکی خەیاڵی لەبینەرانی کێشکرد بۆ هۆڵەکانی سینەما، بەشێوەیەك کە تەنانەت چالاکییەکانی مۆندیالی ئەمساڵیش



نەیتوانی گورز لە ژمارەی ئامادەبووانی ئەو هەشتا هۆڵە سینەمایە بدات کە تەنها لەمیسردا نمایشی ئەم فیلمەیان دەکرد ، جێی ئاماژەشە کە لەدەرەوەی میسریشدا کۆمپانیای (باك فیلم) کە کۆمپانیایەکی فەرەنسیە ئەم بەرهەمەی لە کۆمپانیای (گود نیوز) ی بەرهەمهێنی فیلمەکە کرییەوە، تا لە کەنەداو ئوسترالیاو هەردوو کیشوەری ئەمریکادا نمایش بکرێت.

بەڵام ئەوەی ئەمرۆ ڕۆژنامە و میدیاکانی میسری سەرقاڵ کردووە ئەو پێشوازییە لۆکاڵی وجیهانییە نییە کەلەفیلمەکە دەکرێت بەهێندەی گواستنەوەی ئەو باس وخواسانە یە کە لەپەرلەمانی میسریدا لەسەر ئەم فیلمە هەیە، بەشێوەیەك کە کۆمەڵێکی زۆر داوای ئەوە دەکەن کە نابێت فیلمەکە بەم شێوەیەی ئێستا نمایش بکرێت، لەبەرئەوەی ئابروی میسر دەبات، تا دەگات بەو جێیەی کەهەندێك پێیان وایە کە فیلمەکە ئەجیندایەکی ئەمریکی وئیسرائیلییە بەمەبەستی لەکەدارکردنی کۆمەڵگاو حکومەتی میسری لەلایەك و جێگیرکردنی فۆرم و ئەخلاقیاتێکی نوێ کە بەقسەی ئەوان دوورە لەبەها مرۆیی و دینییەکان وکۆمەڵگا بەرەو مەترسی دەبات لەلایەکی ترەوە .



لە ڕاستیدا (تەلاری یەعقوبیان) ئەو تەلارە کۆنە لە فیلمەکەدا شانۆی کۆمەڵێك ڕووداو و بەسەرهاتە کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز یەکانگیر بووە، ئەو بینا کۆنە کۆمەڵێك نمونەی زیندووی کۆمەڵگای کۆکردۆتەوە هەر لە (حاجی محمد عزام) کە لە بۆیاخچێتییەوە بازدەداتە سەر بازرگانی تلیاك و لەو ڕێگەیەشەوە پارەو سامانێکی زۆر بەدەستدەهێنێت و دەیکاتە کەسێکی دەستڕۆیشتووی وا کە دەتوانێت کورسی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەو خاوەن نوسینگە ئەندازیارییەی کە بەردەوام خەریکی ئافرەتبازییە تا دەگات




بەو کوڕە سەرنووسەرەی کە وەچەی دکتۆرێکی یاساناس و ئافرەتێکی فەرەنسییەوخاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوانە، بەڵام لە ڕووی سێکسییەوە ناتەواوە و وێڵە بەدوای نێرێکدا تا خۆی تەسلیم بکات، هەموو ئەم کەسایەتییە ئۆرستۆکراتیانە بە بەرامبەری چەند کەسایەتییەك دێت لە ئاستە هەرە نزمەکانی کۆمەڵگا، هەر لە کوڕی دەرگاوانی تەلارەکەوە کە ناتوانێت ببێتە ئەفسەری پۆلیس لەبەر باری ناتەواوی کۆمەڵایەتی خێزانەکەی، سەرەرای ئەوەش دووچاری گرتن وسووکایەتی دەبێت، لەو لاشەوە ناتوانێت بەخۆشەویستەکەی بگات، سەرەنجامیش هەموو ئەمانە کاردانەوەیەکی وا دروستدەکات کە پەیوەندی بکات بەگروپە توندڕەوەکانەوە، تا ئەو ئافرەتە کەم دەرامەتانەی باری سەختی



ئابووری ناچاریان دەکات جەستەی خۆیان بفرۆشن، وێڕای چەندین نموونەی تر کەلەناو کۆمەڵگاکەی (علا ° الاسواني) دا دێن ودەچن و بەیەکدا دێن، بەشێوەیەك کە زۆر جار دوای کوشتارو خوێن ڕشتن ناتوانی بکوژ لەکوژراو و قوربانی لەجەلاد جیابکەیتەوە، لەم کەش وهەوا نەخۆشەدا سەرجەم پڕۆژەکانی کەسە داماوەکانی خوارووی کۆمەڵگا بە سەنگی قورسی بارودۆخەکە تێکوپێك دەشکێ. تاکە تروسکەیەکی هیواش کە لەم بارودۆخەدا فیلمەکە نیشانی بدات بریتییە لە زەماوەندی کەسێکی ئۆرستۆکراتی تەلارەکە لەگەڵ کچە هەژارێکی هەمان تەلار، لەزەماوەندەکەدا ئەگەرچی بە چەند گۆرانییەکی سلۆ

دەستپێدەکات، بەڵام دواتر ئاهەنگەکە دەبێتە ئاهەنگێکی ڕۆژهەڵاتی خۆماڵی و زاوا ووردە ووردە دەست بەرز دەکاتەوەو بەشێوەی خۆی دەکەوێتە سەماکردن .

فیلمەکە لەسەر ئەو هیوایە تەواو دەبێت، لە کاتێکدا مشتومڕی نێوان پەرلەمانتار و میدیاکان وسانسۆر لەمیسردا لەسەر ئەم فیلمە تا ئەم ساتەش درێژەی هەیە.